# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!
(4)

حەمەسەعید حەسەن

## شیعر و ڕاستگۆیی

موتەننەبی دەڵێت:

ئەسپ و شەو و بیابان و دەمناسن،
شیر و ڕم و کاغەز و قەڵەمیش.

شێرکۆ بێکەس هەڵوێستەکانی لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن، هۆنراوەکانی لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن، قسەکانی لەگەڵ شیعرەکانیدا ناکۆکن، گوتارەکانی لەگەڵ ڕەوتارەکانیدا ناکۆکن، بەڵام موتەننەبی لەسەر ئەو دێڕەشیعرەی خۆی بە کوشت دا، وەلێ پووشکین و نازم حیکمەت هەر بوێژ نەبوون، بکەریش بوون، ژیانیان بەرجەستەکردنێکی ڕاستگۆیانەی نێوان شیعر و هەڵوێست بوو. (٤٢)

شاعیری شۆڕشگێڕ، ئەو شاعیرە نییە کە باسی ئاگر بکات و خۆی توخنی نەکەوێت، ئەوە نییە کە سمێڵی قارەمانی شیعری بۆنی بارووتی لێ بێت. عەبدولڕەحیم مەحموود ئەو کاتانەی شیعری بەرەنگاریی دەنووسی، لوولەی تفەنگەکەشی ئاراستەی دوژمنی داگیرکار کردوبوو. ئەو ڕەخنەگرەی بەشداریکردنی ئەدیب لە کاری شۆڕشگێڕانەدا، دەکاتە پێوانە بە هەڵەدا دەچێت، چونکە ئەدەبیش خۆی بوارێکی گرنگی تێکۆشانە،(٤٣) وەلێ هەمیشە ڕەوتاری شۆڕشگێڕانە لە شیعری شۆڕشگێڕانە گرنگترە.

ناسر حەفید دەڵێت: (زۆر کەس دەربارەی ئەو شیعرەی بۆ بارزانیی گوتووە و دەربارەی هەڵوێستی ئێستای، شێرکۆ بێکەس بە هەلپەرست لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەو بۆچوونە هەڵەیە و ئەو شاعیری دەربار نییە.)(٤٤)

شێرکۆ بێکەس تەنیا یەک شیعری بۆ بارزانی نەنووسیوە، گەلێک شیعری بۆ گوتووە، لەوانە:

بە فرۆکەی سەنگەری بارزانی هاتووم

لە فڕگەی خوێنی ڤێتناما ئەنیشمەوە. شێرکۆ بێکەس، کۆشیعری: من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل٤٠ وەزارەتی ڕاگەیاندن ١٩٧٣ بەغدا.

*

دڵم مشتووی گۆیکەی سەر ئەو خەنجەرەیە
سوارەکەی بەردەقارەمان
دایە دەست سوارەکەی بارزان. من تینوتیم بە گڕ ئەشکێ ل١٠٨

*

پەستم پەستم
وەک سەعات پێنجی ئێوارەی
بیست و نۆی مانگی نۆ پەستم. من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل١١٨
ساڵی ١٩٧١ لەو سەعات و ڕۆژ و مانگەدا، بەعس هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی دا.

*

ئەی بارزانی
لەگەڵتاین چۆن بنار لە گەڵ لوتکەدایە،
لەگەڵتاین چۆن چاوت لەگەڵ سەرنجتایە. من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل١٣٤

بێستوون دەربارەی جیاوازیی نێوان هەڵوێستی سەرەتای سالآنی حەفتا و سەرەتای سالآنی هەشتای شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (بۆرژووای بچووکی کوردیش هەرگیز درێغی نەکردووە لە ڕاڕایی و نەبوونی هەڵوێستی دیاریکراو بەرانبەر بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە، ڕۆشنبیرەکانیشیان لە پێناوی جێهێشتنی جێگەی کۆمەلایەتیی ئێستایان و گەیشتن بە پلەیەکی بەرزتر، هەمیشە بە شان و باڵی بۆرژووای کوردیدا هەڵدەدەن، بە پێی بەهێزی یان بێهێزی ئەو هێزانە لە قۆناغە جیا جیاکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا.)(٤٥)

کۆچەر دەڵێت: (ئەو ناڕاستگۆییەی لە بەرهەمەکانی ئەم ماوەیەدا دەردەکەوێت و ئەو نارەسەنییە هونەرییەی بە سەریاندا زاڵە، خوێنەری وردبین و هۆشیار دەخەنە بەردەم هەندێک پرسیار و گومانەوە. تۆ بڵێیت شێرکۆ بێکەس لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیشیدا هەر وای کردبێت و شیعری بۆ ناودەرکردن و ڕازیکردنی دڵ و بیر و سیاسەتی ئەم و ئەو نووسیبێت؟)(٤٦)

شێرکۆ بێکەس پێی وایە، ئەو لایەنەی بەهێز بێت، لەسەر هەقیشە، ئەوی کوتەکی بە دەستەوە بێت، ڕاستیشی لەسەر زارە، بۆیە هەمیشە لایەنی بەهێز دەگرێت. جێگۆڕکێی لایەنە بۆرژوواکان و ئەو جێگۆڕکێیەشی شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی سەر بە چینە دەیکات، شتێکی سەیر و چاوەڕێنەکراو نییە، ئەوە جێگەی سەرسوورمان بوو، ئەو شوێن پێی چینەکەی نەکەوتبا و سروشت و ڕەوتای بۆرژووای ڕەت کردباوە.

لە ئێراندا

مونالیزای تابلۆی هونەرمەندێ گریا،

وەختێ ئیمام بە زۆر پەچەی پێ گرتەوە و

جبەکەی خۆی دا بە سەریا.(٤٧)

شێرکۆ بێکەس لە سەرەتای سالآنی هەشتادا زوو زوو کورتەشیعری دژی ڕژێمی خومەینی دەنووسی، بۆیە ڕۆژنامەی (الثورە)ی زمانحاڵی بەعس، ئەوی وەک یەکێک لەو شاعیرە کوردانە باس کردووە کە گۆرانی بۆ قادسیەی سەددام دەڵێن و نموونەشی لە شیعری هێناوەتەوە. (شان بە شانی شاعیری عەرەب کە گۆرانی بۆ پاڵەوانییەتی سوپاکەمان و نەبەردەکانی و سەرکردایەتییە سەرکەوتووەکەی دەڵێت، شاعیری کوردیش بە هەمان گیانەوە لەسەر لوتکەی چیا سەرکەشەکانمان وەستاوە و بڕوای وایە کە ئەدەب پێویستە بەشدارییەکی ئەکتیڤ و شێلگیرانە لە جەنگدا بکات و موکەڕەم ڕەشید تالەبانی و شێرکۆ بێکەس لە پێشەوەی ئەو شاعیرە کوردانەوەن.)(٤٨) هەر لە هەمان گوتاردا لە بەشی شیعری هەڵمەتبردندا نووسراوە: (ئەو هۆنراوانەی شاعیری کورد بۆ قادسییەی سەددامی نووسیون، هێرشێکی ڕاستەوخۆن بۆ سەر دەسەلآتدارانی تاران و قوم. لەو شیعرانە دوو نموونە بەسەر دەکەینەوە، یەکێکیان بەرهەمی شێرکۆ بێکەسی شاعیرە.)

شێرکۆ بێکەس نەدەبوو بە شێوازێک بنووسێت کە بەعسییەکان بەراوەژوو سوودی لێ وەربگرن. ئاخۆ نووسینی ئەو جۆرە شیعرانە زادەی غەفڵەتن یان لاوازیی هەڵوێستی شاعیر؟ ئاخۆ لە سەرچاوەی ڕاستگۆییەوە هەڵقوڵاون، یان بەرتیلدانێکی ناڕاستەخۆن بە بەعس؟ شێرکۆ بێکەس تەنیا بۆ ئەوە خوڵقاوە هەموو ژیانی بۆ شیعر تەرخان بکات، بۆیە دەبوو تەنیا بۆ شیعرگوتن ژیابا. دەبوو لە دەرگای شیعرەوە بەرەو ژیان بەڕێ کەوتبا. دەبوو بژی بۆ شیعر نووسین، نەک شیعر بڵێت بۆ ئەوەی بژی، لاوازترین شیعر، شیعرێکە بۆ نان پەیداکردن بنووسرێت. بەشێکی زۆری شیعری وی پێداهەڵدانی ئەوانەیە، گیانی خۆیان لە پێناوی <ینک>دا بەخت کردووە:

من شەماڵم نەبینیوە،

قەت دوو بە دوو چاوی و چاوم

بە یەکەوە دانەنیشتوون. هەڵۆ، ل١٧٥

شێرکۆ بێکەس تەنانەت شیعری بۆ ئەوانەش نووسیوە کە نەیناسیون. شاعیر ئازادە، شیعر بۆ کێ دەڵێت و مەرج

نییە تەنیا شیوەن بۆ هاورێ و خزم و ناسیاوی خۆی بکات، وەلێ شاعیر نابێت، (وەک ئەو دایەنانە ڕەوتار بکات کە شیری خۆیان دەفرۆشن، نابێت شین بۆ ئەو مردووانە بگێڕێت کە مردووی خۆی نین.)(٤٩) شاعیر قورئانخوێنی پرسە نییە، لە پێناوی پاداشتدا نانووسێت.

(شیعر باڵندەی کۆچەری نییە، شیعری بێ نیشتمان، درەختێکی بێ ڕەگ و مەڵێکی بێ هێلانەیە.)(٥٠)

ئەو گوڵانەی لە باوەشی ئەم شارەدا

لەوان جوانتر هەرگیز نەبێ،

ئەو گوڵانەن لەسەر شۆستەی <سفێ ڤێگن>

خراونەتە سەر خوێنەکەی ئۆلف پالمە. (٥١)

پالمە لە شوباتی ١٩٨٦دا تیرۆر کرا، گومانی تێدا نییە، شێرکۆ بێکەس هەمان وەخت ئەو هەواڵەی ژنەوتووە، وەلێ چونکە نووسینی شیعری شین و ستایش بۆ پالمە، لە کوردستانەوە سوودی تێدا نییە، بۆیە بێدەنگی لێ دەکات تا دێتە سوێد، بە گەیشتنی، گەر چی ساڵ و نیوێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕی کردووە، تاجەگوڵینەی شیعرێک لەسەر گڵکۆی پالمە دادەنێت. شیاوی گوتنە ئەو (خەڵات)ی <توخۆلسکی>یەی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ گەیشتنیدا وەری گرت:

* خەڵات نییە، دەستگیرۆییکردنە، بۆ ئەوە دەدرێت، تا ئەدیبانی ئاوارەی ئەم سەردەمەش، وەک توخۆلسکی لە برساندا ناچار نەبن خۆیان بکوژن.

* بە هەوڵی عومەر شێخ مووس، کە جێگەی متمانەی دەسەڵاتدارانی سوێدە، شێرکۆ بێکەس دەستگیرۆیی کرا و مەسەلەکە زێتر سیاسەت بوو وەک لەوەی ئەدەب بێت. سوێد هەستی کردبوو بە ناڕەوا کوشتنی پالمە وەپاڵ کورد دراوە، بەو دەستگیرۆییکردنە، ویستی هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە.

* ئەو وەختەی شێرکۆ بێکەس دەستگیرۆیی کرا، هێشتا یەک ڕووپەل لە شیعری نەکرابووە سوێدی.

* ئەو دەستگیرۆییکردنە تەنیا بۆ ئەو ئەدیبانەیە کە لە وڵاتی خۆیان ڕاو دەنرێن، شێرکۆ بێکەس نەک هەر ڕاو نەنرابوو، بەڵکوو چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ڕوو بکاتە شاخ، ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان کۆشیعری (ڕووبار)ی بۆ چاپ کرد و پاداشتەکەشی کە <٧٠٠> دینار بوو، لە ڕێی چیرۆکنووسێکی هاورێیەوە، بۆ چیا بۆ هەنارد.

* پێوەستبوونی شێرکۆ بێکەس بە شاخەوە، لەبەر ئەوەبوو، ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ سەروەختی وتووێژی نێوان ینک و بەعس، چونکە پێی وابوو ئیدی ینک لە کوردستاندا فەرمانڕەوا دەبێت، بۆیە وابەستەبوونی خۆی بە <سووورداش>ەوە بە تەواوی ئاشکرا کردبوو، وەلێ کە (کۆتری سپی چڵەزەیتوونی نەهێنا و ئاشتی گوڵی نەگرت، هەڵۆ، ل٢١٣) ئەویش بێ ئەوەی دووچاری گوشاری ڕژێم بووبێت، ڕووی کردە شاخ.

شێرکۆ بێکەس لە وەڵامی پرسیارێکی <حەسەنی قازی>دا دەڵێت: (من بۆ ئەوە لە دەرەوەم کە بتوانم ئەرکێکی پێویستی سەر شانی خۆم، ئەرکی قەڵەم هاوجووت لەگەڵ تفەنگی پێشمەرگەدا بە میللەتانی دەرەوە بگەیەنم.)(٥٢) وەلێ زیاد عەلی ڕاستگۆیانە باسی خۆی و شێرکۆ بێکەس دەکات، (یەکمان گرت تا ئەزموون بگۆڕینەوە، بۆ ئەوەی تۆڕێک بە مەبەستی ڕاوکردنی سنگێکی نەرم و نیان بچنین، بەڵکوو سەر کەمێک پشووی لەسەر بدات و پەنجەش لە شمشاڵ بە سیگار لێدانەوە، بکەوێتە ئاواز بە هەنار لێدان، ئەگەر چی سەردەمیشی بەسەر چووبێت.)(٥٣)

(حەسەنی قازی: ئێوە دەستپێکەر و خوڵقێنەری مەکتەبێکی تازە بوون لە ئەدەبدا، وا بزانم ڕوانگە، ڕاستە؟

شێرکۆ بێکەس: بەڵێ.)(٥٤)

ڕوانگە ڕێباز یان قوتابخانەیەکی نوێی ئەدەبی نەبوو، هەر بۆیەش وەک مەلۆتکەیەکی نەبەکام لە بێشکەدا گیانی

له دهست دا. لهتیف ههڵمهت دهڵێت: (ڕوانگه هێلکهیهکی پیس بوو، هیچی ههڵنههێنا.) ساڵی ١٩١٨ یهکهمین بهیاننامهی دادابیهکان بلاو بووهوه، ١٩٢٤یش بانگهوازی سوریالییهکان بهرز بووهوه، ١٩٣٢ کۆمهڵی ئهپۆلۆ له دایک بوو، دواتر کۆمهڵی شیعر ٦٩ سهری ههڵدا، ڕوانگه لاساییکردنهوهیهکی ناهۆشیارانهی ئهو ڕێبازه ئهدهبییانه بوو، به تایبهتی کۆمهڵی شیعر ٦٩ که ساڵێک بهر له سهرههڵدانی ڕوانگه له عێراق له نزیک ڕوانگهییهکانهوه قوت ببووهوه. بهیاننامهی ڕوانگه ناوی پێنج نووسهری لهسهر بوو، (حسێن عارف، جهمال شارباژێڕی، کاکهمهم بۆتانی، جهلالی میرزا کهریم و شێرکۆ بێکهس.) سهروهختی دهرچوونی بهیاننامهکه، ئهپریلی ١٩٧٠ ئهو چوار نووسهرهی تر، له گۆڕهپانی ئهدهبی کوردیدا جێپێیان له شێرکۆ بێکهس پتهوتر بوو.

ناسر حهفید دهڵێت: (بیان الصفدی که شاعیرێکی سوورییه، لێکۆڵینهوهیهکی لهسهر شێرکۆ بێکهس و بهرههمهکانی بۆ گۆڤاری ‹الکرمل› نووسیوه.)(٥٥) شێرکۆ بێکهس، ناسر حهفیدیشی به ههڵهدا بردووه، ئاخر ئهو (لێکۆڵینهوه)یهی بیان الصفدی تهنیا ده دێڕه.

(٤٢) جبرا ابراهیم جبرا، ینابیع الرؤیا، ص٣٥ المؤسسه العربیه للدراسات و النشر ١٩٧٩ بیروت.

(٤٣) سهرچاوهی پێشوو، ل٨٨ و ١٢٥

(٤٤) ناسر حهفید، سهرهتایهک دهربارهی فهلسهفهی ههڵه، پهیڤ ژ٣ لهندهن ١٩٨٦

(٤٥) بێستوون، چهند وشهیهکی پێویست، دڕک، ژ٦ ل٥٦ ئهڵمانیا ١٩٨٥

(٤٦) کۆچهر، بهرههمێکی دووڕهگ، مامۆستای کورد، ژ ٦ ل٥٨ بههاری ١٩٨٨ سوێد.

(٤٧) دیوانی شێرکۆ بێکهس، بهرگی یهکهم ل٥٣٦ ستۆکهۆڵم ١٩٩٠

(٤٨) عبدالجبار داود البصری، ادب القادسیه الجدید، شئ من الشعر الکردی، الثوره ١٩٨١/٢/٢ بغداد.

(٤٩) د. عبدالکریم حسن، الموضوعیه البنیویه، ص١٩٠ المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر ١٩٨٣ بیروت.

(٥٠) رسول حمزاتوف، اراء و قصائد، ت: میخائیل عید، ص٨ مکتبه میسلون ١٩٨٤ دمشق.

(٥١) پهیڤ، ژ: ٥ و ٦ ئۆکتۆبهری ١٩٨٧ لهندهن.

(٥٢) بهربانگ، ژ ٤٥ ل١٨ ستۆکهۆڵم ١٩٨٧

(٥٣) زیاد علی، فراشات کوردستان، مجله الیمن الجدید، ص٢٦

(٥٤) بهربانگ، ژ ٤٥ ل١٨ ستۆکهۆڵم ١٩٨٧

(٥٥) ناله، نهێنییهکانی شاعیر، لهدایکبوون، ژ٣ سوێد.